

## تاکسی فڕۆک گۆڕانکاری لە جیهانی گواستنەوە

# ڕۆبۆتەکانی LG لە پیشانگای ساڵانەدا

**کۆمپانیای LG لە پێشانگای ساڵانەی CES2018 دا بەرهەمێکی زۆری کۆمپانیاکەی خستەڕوو، لەوانە سێ ڕۆبۆتی خزمەتگوزار کە دەکرێت لە زۆر شوێندا سوودیان لێوەربگیرێت. ئەرکی خزمەتگوزاری سێ ڕۆبۆتەکە لە هۆتێلەکان، فڕۆکەخانەکان و سۆپەرمارکێتەکاندا دەبێت.**

## ڕۆبۆتی خزمەتگوزار
## :serving robot

ئەرکی ڕۆبۆتەکە هێنان و بردنی خواردنە بۆ میوانان لە هۆتێل و ساڵۆنە گشتییەکاندا.. ئەم ڕۆبۆتە بە خێراترین و باشترین شێوە ئەرکەکانی خۆی ئەنجام دەدات، لەکاتی دیاریکراودا خواردن و خواردنەوەکان دەگەیەنێ، بەو سینیە چەکمەجەیەی هەیەتی بێ ئەوەی کە خواردنەکان سارد یان گەرم بکات و بیانڕێژێ دەیانگەنێتە میوانەکان، کاتێك خواردنەکەی گەیاندە میوانەکان، پەیامێك بۆ مەتبەخ دەنێرێت و دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی.





## ڕۆبۆتی بارهەڵگر
## :(porter robot)

ئەم ڕۆبۆتە زیاتر لە تێرمینال و فڕۆکەخانەکاندا کاری پێدەکرێت، کەلوپەل و جانتای گەشتیاران هەڵدەگرێت و دەیانگەنێتە شوێنی خۆی، هەروەها نرخی تێچووی هەڵگرتنەکەدیاری دەکات و وەریدەگرێت، گەشتیار بەهۆی ئەو ڕۆبۆتەوە دەتوانێت لە ماوەیەکی کەمدا جانتاکانی بگەیەنێتە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی.

چەند ساڵێکە بیرلەوە دەکرێتەوە، قەرەباڵغی ناو شەقام و ڕێگا و بانەکان کە بەهۆی ئۆتۆمبیلەکانەوە دروست دەبن بەتایبەتی لە شارە مەزنەکاندا نەهێڵن، وەك دەڵێن لە هەندێك شاری مەزنی جیهاندا، شار ئەوەندە قەرەباڵغە دەرزی هەڵاوێی ناکەوێتە سەر زەوی! بیرۆکەی تەکسی فڕۆك و بەگشتی ئۆتۆمبیلی فڕۆك هەیە، ئەوە یەك دوو ساڵە کەوتۆتە واری جێبەجێکردنەوە بەڵام گشتگیر نەبووە...

لەم دواییەدا تەکسییەکی فڕۆك بەناوی (mobi-one) خرایە ڕوو و بڕیاریشە ئەم ساڵ بە کردەیی سودی لێوەربگیرێت. تەکسیەکە دەتوانێت چوارکەس هەڵبگرێت و بە خێرایی ٤٠٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا بڕوات.

ئەگەر ئەم بیرۆکەیە سەر بگرێ، بێگومان قەرەباڵغییەکان کەم دەبنەوە، ژینگە پاکتر دەبێتەوە، خەرجی سووتەمەنیش کەمتر دەبێت. تەکسیەکە لە چوار مەکینە پێکهاتووە کە لەسەر باڵەکانی داندراوە و ٢٠٠ کیلۆ هەڵدەگرێت، ئەگەر بۆ هەڵگرتنی نەفەراتیش نەبێت، بێگومان بۆ ئەرکی پزیشکی، گەیاندنی خزمەتگوزاری بەپەلە سوودێکی زۆری دەبێت.



## ڕۆبۆتی سەلەی کڕین
## :(Shopping Cart Robot)

ئەم ڕۆبۆتە لە سۆپەرمارکێتەکاندا سوودی لێدەبیندرێ، بەکارهێنەر لەبری ئەو سەلەی بۆ هەڵگرتنی کەلوپەلەکانی کە دەیکڕێ بیبات، ئەو ڕۆبۆتە دەبات، ڕۆبۆتەکە سەرەڕای هەڵگرتنی کەلوپەلەکان، نرخی و ڕێژەی کەلوپەلەکان دیاری دەکات و ئیدی کاتی چوون بۆ لای کاشێر (وەرگری پارە) پێویست ناکات یەکە یەکە کەلوپەلەکان سکان بکات، لەسەر شاشەکەی خۆی نیشان دەدات کە چی تێدایە و بایی چەندە.

## سەرنجێک لەسەر ستاندی مۆبایلی ڕێزەر فۆن

مۆبایلی ڕێزەرفۆن (razer phone) لە گرنگترین ئەو مۆبایلانە بوو کە ساڵی ڕابردوو لەلایەن کۆمپانیای ڕێزەرەوە خرایە بازاڕەوە، مۆبایلێك کە تایبەت بە گەیم، هەربۆیە شاشە و پارچەکانی مۆبایلەکە زۆر پێشکەوتوو بوون..

لەم پێشانگای ساڵانەی CES2018دا پایەیەکی تایبەت بەناوی project linda کە زیاتر وەك لاپتۆپێك دەچێت، بینەر لە یەکەم نیگادا وا هەست پێدەکات لەگەڵ لاپتۆپێك بەرەو ڕوو دەبێت خرایە ڕوو.

لاپتۆپەکە تایبەت بە گەیمە و لە شوێنی پادی لاپتۆپەکە مۆبایل دادەنرێت و ئەوکات ئەوەی لەسەر شاشەی مۆبایلەکەیە لەسەر شاشە ١٣ ئینجیەکەی لاپتۆپەکە کە کوالیتیەکەی QHDیە دەبیندرێت.. دواتر لە زۆربەی ئەو دوگمانەی لە لاپتۆپەکەدان بۆ گەیم سوود وەربگرێ و هەر لە باتری لاپتۆپەکەش بۆ شەحنکردنەوەی مۆبایلەکەکە کەڵك وەربگرێ. لەوەش گرنگتر لەو ٢٠٠ گیگابایتەی کە لە لاپتۆپەکەدایە بۆ خەزنکردنی فایل و گەیمەکان سوود ببینێ.



# سەرنج ڕاکێشترین کاتژمێر



مرۆڤ هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە زانینی کاتی بۆ گرنگ بووە، وەك باس دەکرێت کاتژمێر یەکەم داهێنانی مرۆڤە.. کاتژمێری (ڕەملی، هەتاوی.. ئاوی...تاد) هەتا دەگاتە کاتژمێری کلاسیك و دیجیتالی و هۆشمەند.. وەك ئەو وێنەیەی دەبینن ئەوەش یەکێکە لە کاتژمێرەکان، بەڵام شێوازی کات نیشاندان لەم کاتژمێرەدا جیایە..

کاتژمێری جۆری Edgytokei کاتژمێرێکی تایبەتە و شێوەی نیشاندانی کات لەگەڵ هەموو ئەو کاتژمێرانەی دیتووتانە جیاوازە.

کاتژمێرەکە لە دوو ئامێری شێوە بازوو پێکهاتووە، هیچ شاشەیەکی نیشاندانی کاتی نییە. دوو بازوویەکە لەسەر پایەیەکن کە ناتوانن بەشێوەیەکی ئازاد واتە ٣٦٠ پلە بسوڕێنەوە.. چەقی خولەك ژمێر و دەمژمێر لەکاتژمێرەکانی دیکەدا وەستاوە، لێرەدا دەجوڵێت.. لەسەر بازوویەکان گلۆپی LED هەیە و کە دەگۆڕدرێت.

بەرهەمهێنی کاتژمێرەکە هەر ویستوویەتی جیاواز بێت، ئەگینا کاتژمێرەکان ئەوەندە زۆرن پێویستی بەو ئامێرە ئاڵۆزە نییە..



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، ئایا پێویستە باتری لاپتۆپ ئەوکاتانەی کارەبا هەیە لە لاپتۆپەکە دەربهێنی؟**

بەڕێزم، باتری لاپتۆپ بە گەرمای زۆر تێکدەچێت، بۆ ئەو کاتانەی کە دڵنیای کارەبا ناکوژێتەوە (دیارە ئەمە بۆ هەرێمی کوردستان) ئەوە دەتوانی باترییەکە پڕ بکەیتەوە و هەڵیبگری و باترییەکەت هەمیشە وەك خۆیەتی... خودی گرنگی لاپتۆپ لەوە دایە کە بۆ شوێنی بێ کارەبا لەگەڵ خۆتی دەبەی و کارەکانی پێ ئەنجام دەدەی، لە وەرزی هاویندا، یان لە ژووری گەرمدا پێویستە باترییەکە دەربێنی، بەڵام چونکە لەم هەرێمەی ئێمەدا کارەبا کاتی دیاریکراوی نییە و کوژانەوەی هەیە بەناچاری دەبێت باتری لەسەر لاپتۆپەکەت بێت..

# پرۆگرامێکی بەهێز بۆ دیزاینی ئەندازیاری

پرۆگرامەکانی تایبەت بە ئەندازیاری گەلێکن، هەرکام ئەرك و کاری تایبەتی ئەنجام دەدەن، کارکردن لەسەر ئەو پرۆگرامانە پێویستە بەکارهێنەری خۆی بەکاریان بێنێ و بۆ ئەوانەی شارەزای ئەو بوارە نین بەکارهێنانیان دژوارە.. بەڵام پرۆگرامی lumion ئەگەرچی پرۆگرامێکی بەهێزی سێ ڕەهەندییە، بەکارهێنانیشی ئاسانە و ئەندازیاران، خاوەن پرۆژەکان دەتوانن سوودی لێوەربگرن.. پرۆگرامەکە بۆ دروستکردنی فیلم یان وێنەی سێ ڕەهەندی لە شوێنێك کە بکرێت بە هەرچوار لایدا بسوڕێت زۆر گونجاوە، هەربۆیە بەڕێوەبەری پرۆژەکە دەتوانێت لە هەموو لاوە سەیری بکات..

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە:

- پشتیوانی لە فۆرماتەکانی DAE, FBX, MAX, 3DS, OBJ, DWG, DXF...
- پشتیوانی کردن لە زۆربەی فۆرماتەکانی وێنە..
- دروستکردنی دیمەنەکانی ژینگەی دەوروبەر و ئاو و هەوا..
- چەندین پرۆژەی لە پێشدا ئامادەکراوی تێدایە..
- بوونی کۆمەڵە ئەنیمەیشنێکی جوڵەدار وەك (مرۆڤ، و ئۆتۆمبیل)..
- بەرهەمهێنانی فیلمەکە بە کوالیتی HD.



# راوتەرێک کێشەی کەموکوڕی تۆڕ ناهێڵێت

راوتەر (Router) ئامێرێکە کە شەپۆلەکانی ئینتەرنێت لە بورجەکان یان لە کێبڵەکانەوە وەردەگرێ و بۆ سوود وەرگرتنی بەکارهێنەران بڵاوی دەکاتەوە.. پرۆسەی گەیاندنی ئینتەرنێت بۆ بەکارهێنەر بەم قۆناغەدا دەڕوات، سێرڤێری خزمەتگوزاری ئینتەرنێت، هێڵەکە یا راستەوخۆ بەهۆی کێبڵەوە دەگەیەنێتە بەکارهێنەر، یان بەهۆی بورجەکانەوە.. راوتەر شەپۆلەکان وەردەگرێ و لە مەودایەکی کورتدا بڵاوی دەکاتەوە..

گرفتێکی راوتەرەکان ئەوەیە کە لە هەموو شوێنێك خەت نادەن، بەڵام کۆمپانیای هواوی لە پیشانگای ساڵانەی CES2018دا راوتەرێکی خستەڕوو بەناوی wifi Q2، ئەم راوتەوە کێشەی کەموکوڕی لە خەتدا و ئەو شوێنانەی خەتیان لاوازە چارەسەر دەکات. پرۆسەی چارەسەرکردنەکەش لە ڕێگای کێبڵی کارەبای ماڵەوەیە، راوتەرەکە وایەری کارەبا وەك وەرگری ئینتەرنێت بەکار دێنێت..

راوتەری ناوبراو نزیکەی ١٦ جۆر ئامێری پێوە پەیوەند دەدرێن و خێرایی وەرگرتنی ئینتەرنێتیش کەمترە لە یەك لە سەدای چرکەیەك..





## سایتێک بۆ کولاژکردنی وێنە

هونەری کولاژ واتە لە پاڵیەکدانانی چەند وێنەیەك جا چ مەبەستێکی هونەری لە پشت بێت و وەك تابلۆیەکی هونەری سەیر بکرێت، چ هەر بۆ دیزاین و جوانکاری بێت.

سایتی https://www.foto-jet.com/ یەکێکە لەم سایتانە. لەم ماڵپەڕەدا بە ئاسانی دەکرێت چەند وێنەیەك لە پاڵ یەك دابنێی، تەنیا دوگمەی Add photo دابگرە و پاشان لە ماڵپەڕەکەدا چەندین دیزاینی جوان هەیە دەتوانی یەکێك لەوان هەڵبژێری، دەکرێت وێنەیەکی جوان بۆ باکگراوەندەکەی دابنێی، یان دەکرێت تێکست لەسەر وێنەکان بنووسی و پاشان سەیڤی بکەی یان لە یەکێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوبەشی بکەی..



## مۆبایل- لاپتۆپی جیمنی

لاپتۆپەکان نەیانتوانی ئەرکی مۆبایل جێبەجێ بکەن، بەڵام مۆبایلەکان خەریکە دەبن بە لاپتۆپ و ئەرکی لاپتۆپ ئەنجام دەدەن.. بۆ نموونە مۆبایل- لاپتۆپی Gemini. تەواو وەك لاپتۆپێك دەچێت، بەڵام بە سایزێکی زۆر بچووك، یان وەك مۆبایلەکانی چەند ساڵ لەمەوبەر دەچێت بە زیاد بوونی کێبۆردێك..

(جیمنی) شاشەیەکی ٦ ئینجی هەیە، پرۆسیسەرەکەی ١٠ ناوەکییە.. رامەکەی ٤ گیگابایت و میمۆری ناوخۆی ٦٤ گیگابایتە.. دەکرێ میمۆری ٢٥٦یشی بۆ دابندرێ.. لە زۆر رووەوە وەك مۆبایلێکی زیرەکی ئەندرۆیدی دەچێت. بەو جیاوازییە کە خاوەنی دەکرێت دو سیستەمی ئەندرۆید و لینۆکسی بۆ دابندرێ. هەروەك دەیبینن لە دوو بەشی کیبۆرد وشاشە پێکهاتووە، لە پشتەوەی باترییەکی بەهێز هەیە کە دەکرێت ماوەیەکی زۆر سوود لە لاپتۆپ- مۆبایلەکە وەربگیرێت.

بۆ مۆبایل-لاپتۆپی جیمنی دەکرێت ماوس و کیبۆردیش دابندرێ، سەرەڕای ئەوەش دەکرێت شاشەیەکی گەورەیشی بۆدابندرێ.